# پێوانەکردنی پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی مندالان لە هەرێمی کوردستان – عیراق (بونیادنان و پراکتیزەکردن)

**ID No. 458**

(PP 162 - 183)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.10

**کوردستان عزیز سلێمان**    **سلوی احمد امین**

کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، بەشی باخچەی منداڵان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

kurdistan.sulaiman@su.edu.krd    Salwa.ameen@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/08/03**

**پەسندکردن : 2022/09/29**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە: بونیادنان و پراکتیزەکردنی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی مندالان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە تیایدا توێژەران میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە یان دەگونجێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەش پێکهاتووە لە مامۆستایانی باخچەی مندالان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) . وە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەران هەستان بە بونیادنانی پێوەرێك بۆ پاکسازی ئاکاری ، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی بونیادنان (شیکاری ئاماری) بە ڕێژەی 15% لە کۆمەڵگەی سەرەکی هەڵبژاردرا کە ژمارەیان (409) مامۆستا بوو، کە بە شێوازی هەڕەمەکی چین چینی هەڵبژێردران، دوای ئەنجامدانی ڕێکارییەکانی بونیادنانی پێوەر، توێژەران پێوەرێکیان بونیادنا بۆ پێوانەکردنی پاکسازی ئاکاری کە لە (69) بڕگە پێکهاتبوو لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە کە بەسەر پێنج (5) بوار، دابەشکراوە کە پێکهاتوون لە جیاکاری ئاکاری : (13، بڕگە)، ڕەفتاری جێگیر: (14 بڕگە)، پاساودانی گشتی: (13، بڕگە)، سۆزداری و ڕێزگرتن: (15، بڕگە)، سازانی کۆمەڵایەتی:(14، بڕگە) و پێنج (5)جێگرەوەی وەڵامدانەوەش لەخۆدەگرێت، کە تایبەتمەندیە سایکۆمەتریە گونجاوە دەرهێنراوەکان بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە بریتیبوون لە (هێزی جیاکاری و ڕاستی بڕگەکان و جێگیری بڕگەکان)، هەروەها تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکەش بریتیبوون لە : ڕاستی : (ڕاستی ڕوواڵەتی و ڕاستی بونیادنان)، و جێگیری : (ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ ) ، وە بۆ پراکتیزەکردنی پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی توێژەران نموونەیەکیان لە کۆمەڵگەی سەرەکی هەڵبژراد بە ڕێژەی 10% کە ژمارەیان (274) مامۆستابوو، کە بە شێوازی هەرەمەکی چین چینی هەڵبژێردران، وە بە پشتبەستن بە بەرنامەی (SPSS) (پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆ شیکردنەوەی داتاکان، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشت بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بوون : بونیادنانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی مندالان لە هەرێمی کوردستانی عێراق- کە پێکهاتووە لە (69) بڕگە لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە بە تایبەتمەندی سایکومەتری گونجاو. مامۆستایانی باخچەی مندالآن لە هەرێمی کوردستانی عێراق پاکسازی ئاکاریان هەیە وەبەشێوەیەکی گشتی ولە ئاستێکی بەرزیشدایە ، وە لە کۆتایی توێژینەوەکە ولە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان توێژەران هەندیك ڕاسپاردەو پێشنیاریان پیشکەش کرد .

**وشە گرنگەکان :** پێوانە، پاکسازی ئاکاری، مامۆستای باخچەی منداڵان.

## 1 : پێشەکی

### 1-1: کێشەی توێژینەوە مشكلة البحث : (Problem of Research):

مامۆستایانی باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی کارا دەبینن لەدروستکردنی کەسایەتی منداڵان و چاندنی بەها ئاکاریەکان لەناخیان و گۆڕینی شێوازی ڕەفتاری نائاسایی نادروست و پێدانی پرەنسیپ و ڕەفتاری ئاکاری کە یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی بسازێن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، جا ئەگەر منداڵ داهاتووی نەتەوە بێت، مامۆستای باخچە ش بونیادنەری ئەو داهاتوویە، چونکە ئەو تەوەری سەرەکی ئەم پرۆسەی پەروەردەییە و گرنگترین سەرچاوەکانی پێکهێنان و بونیادنانی ڕەگەزەکانی ئایندەیە منداڵانە .

کێشەی نەمانی پاکسازی ئاکاری لەکاری پەروەردەدا یەکێکە لەکێشەکانی سەردەمی مۆدێرن کە زۆر جار ڕێگە دەدات بەکەسێك ئیستغلالی بەرامبەرەکەی خۆی بکات کاتێک دەرفەتێک هەیە بۆ بەدەستهێنانی هەر سوودێکی ماددی کە ببێتە هۆی لاوازبوونی بەها ئاکارییەکان و زۆرجار خاوەن کارەکان شێوازی نا پاکسازی بەکاردەهێنن بۆ زۆرڵکردن لەو مامۆستایانەی داوای مافەکانیان دەکەن تاوەکو

**2-1: گرنگی توێژینەوە اهمیة البحث: (The Significance of Research):**

پەروەردا لە کرۆکیدا پرۆسەیەکی ئایندەییە، ئامرازێکە بۆ ئامادەکردنی نەوەکانی ئەمرۆمان لە ئایندە، ئەگەر بمانەوێ بزانین کێ بونیادنەری داهاتووە یان سەرکردەی داهاتووە یان کرێکاری داهاتووە، پێویستە لەسەرمان سەرەتا بزانین کێ مامۆستای داهاتووە، چونکە مامۆستا بە رەگەزێکی بەهێز دادەنرێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، جا بۆ ئەوەی پەروەردە و مامۆستا رۆلێکی کارایان هەبێت لە دروستکردنی داهاتوو، پێویستە رەچاوی دۆخی ئاکاریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و تەکنۆلۆژی بکرێت(مصطفی، 2014،ص 5).

مامۆستای باخچەی منداڵان وەک سەرپەرشتیارێکی لێهاتوو، لە بواری پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی پێش قوتابخانەی سەرەتایی کاردەکات بۆ پاراستن و پەروەردە کردنی منداڵان و چاودێری کردنی تەندروستیان و سەلامەتیان، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری دەکات لە گەشەی کەسایەتیان و گەشەی جەستە و عەقل و هەڵچوون و لایەنی کۆمەڵایەتیان و رەفتاریان و ئایینیان (محمد، 2018، 46).

قۆناغی باخچەی منداڵان بونیادنەری قۆناغی ئامادەکردنی منداڵانە بۆ قۆناغی قوتابخانە، هەروەها یارمەتیدەر بۆ گونجاندنی منداڵان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری ، لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە منداڵانی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی بە تایبەتی ئەوانەی چوونەتە باخچەی منداڵان باشتر دەنگونجێن و ئاستی خوێندنیان باشترە لەو منداڵانەی نەچوونەتە باخچەی مندالان بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە باخچەی منداڵان منداڵان ئامادە دەکات بۆ گونجان و سازانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ فێربوونی بەها ئاکاریە باوەکان ، وە پێدانی ئەزموون و شارەزایی جۆراوجۆر، بەمەش گواستنەوەی منداڵ ئاسان دەکات لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە باخچەی منداڵان بەهای ئازادی بەمنداڵ دەبەخشێت لە جوڵەکردن و یاری کردن تاوەکو خۆی بناسێت لەنێوان هاوپۆلەکانی لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی و گەشەکردنی ڕەوشت(العمرانی، 2013، ص24).

هەرچەندە چەمکی پاکسازی چەمکێکی نوێ نییە بەڵام زۆربەی کات بە ئاکاراوە بەستراوەتەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ڕەفتاری تاکەوە هەیە و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە کە پێی دەوترێت ویژدان ضمیر، بە تێپەر بوونی کات ئەم چەمکە فراوانتر دەبێت تاوەکو دەگاتە تەواوی بوارەکانی ژیان، بۆیە لەسەردەمی ئێستامان دەیبینین بە توندی بەستراوەتەوە بە بواری ئابووری و دارایی بەرامبەر بە چەمکی گەندەڵی، لەبەرامبەر ئەم چەمکەش چەمکی شەفافیەت و ڕوونی هەیە، بۆیە لەلایەن زۆربەی وڵاتان و دامەزراوەکان بەکاردێت وەکو تەکنیکێکی چاودێری و سنودارکردنی گەندەڵی، ئەم تەکنیکە بۆتە بۆ نیشانەیەکی پاکسازی لە زۆربەی دامەزراوەکان چونکە هۆکارێکە بۆ رزگاربوون لە ئیستغلاکردن و دەسەڵات و زاڵبوونی مرۆڤ و پاراستنی بەها ئاکاری و ویژانی مرۆڤەکان، یان لە رووی ئابووریەوە وەکو فێڵ نەکردن لە کرین و فرۆشتن، ئێستا چەمکی پاکسازی بۆتە تەرازوویەك بۆ بەدەست هێنانی مافەکان و هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان، هەورەها هۆکاری یەکەمە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی کە هۆکارێکە بۆ داکەوتن وژێرخان ، نەمانی بەها ئاکارییەکان و کۆمەڵایەتیەکان و ئابووریەکان و کارگێریەکان و فێرکارییەکان و نیشتمانییەکان (الغامدی، 2017، ص22).

بەهای پاکسازی ئاکاریی بە تەواوی ئاستەکانیەوە لە رووی تاك و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و فێرکردن کاردەکات بۆ ئامادەکردنی تاکێکی سەرکەوتوو لەگەڵ پێوەکارەکانی نیشتمان و کۆمەلگاکەی دوور لە خۆپەرستی و نامۆیی و لە پێناوی بەرزکردنەوەی واقیعیەتی کۆمەلگا بەرەو باشترکردنی تەواو بوارەکانی ژیان (منظومة للسلوك والنزاهة، 2017ص13).

**3-1: ئامانجەکانی توێژینەوە اهداف البحث: (The Aims of Research):**

بنیادنانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان – عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)

پراکتیزەکردنی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان – عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)

**4-1 سنووری توێژینەوە: حدود البحث:**

ئەم توێژینەوەیە سنوردار کراوە بە بونیادنان و پراکتیزە کردنی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی لە هەرێمی کوردستانی – عێراق (ناوەندی پارێزگاکانی هەولێر - سلێمانی – دهۆک- هەڵەبجە).

**5-1: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە (The Definition of Research)**

**1-5-1: پێوانەکردن قیاس (Measurement):**

**الشجیری، 2022**

پێوانەکردن لەرووی زمانەوانیەوە: بەمانای رێژەی شتێك یان پێوانەی شتێك بە شتێکی تر یان بەرێژەی سەدی (الشجيری، 2022، ص30). لە

**(عبدالحميد، 2018)**

بریتیە لە پرۆسەی بەراووردکردنی شتەکان بە یەکەی پێوانەیی دیاریکراو یان رێژەی دیاریکراو سەبارەت بە شتەکە خۆی یان تایبەتمەندیەکانی بە ئامانجی زانینی چەندێتی ئەو تایبەتمەندیانەی لەخۆی دەگرێت (عبدالحميد، 2018، ص6).

**(میخايل، 2016)**

(جیفورد) پێناسەی دەکات و دەلێت: پێوانەکردن بریتیە لە وەسفکردنی زانیاریەکان و داتاکان بە ژمارە (میخايل، 2016،ص 18).

رۆشنایی ئەم پێناسانەدا توێژەر پێناسەی پێوانەکردن دەکات لە ڕووی تیۆریەوە بەوەی بریتیە لە: پێدانی ژمارە بە سیفەت و خەسلەتی کەسەکان و رووداوەکان و شتەکان و دیاردەکان لەرێگەی کۆمەلێك بنەما ڕفتاری ڕوونەوە.

**2-5-1- : پێناسەی پاکسازی ئاکاری : النزاهة الاخلاقية (Moral Integrity)**

**١. (العزی، 2016)**

پیناسەی پاکسازی ئاکاردەکات دەڵیت گۆرانی زۆر بەسەردا هاتوە سەرەتا وەکو پێناسەیەکی فەلسەفەی دواتر پێناسەیەکی دەروونی بۆ کراوە ئەویش لە رێگەی زیادکردنی رەهەندی دەروونیەوە لەسەر هەر سێ پێکهاتەکانی پاکسازی ئاکاری (معریفی، ویژدانی، ڕەفتاری) (العزی، 2016، ص4).

**2. (وناس، 2019)**

بریتیە لە توانای جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی ڕاستە یان هەلەیە لەرووی ئاکاریەوە تەنانەت ئەگەر لە دژی بەرژوەندی کەسیش بێت و قسەکردن بە راشکاوانە کە کاربکات بەپێی تێگەیشتنی بۆ راستی و هەلەکان (Carter,1996 ص11)

**3. کولبرك (Kohlberg,1975)**

پرۆسەیەکی پەیوەندیدارە بە ژیانی تاکەوە ئامانج لێی دروستکردنی جۆرێك لە گونجان و سازانە لە نێوان هەڵومەرجە ئاکاریە دیاریکراوەکان و ئەزموونی تاکەکەسی لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی (جاسم ، 2019، ص507).

**4. دەستەی دەروونی بەریتانی (2021) (The British Psychological,2021)**

هەلسوکەوتی راستگۆیانەی تاکە هۆشیارانەیە لە رێگەی رێکخستنی کردارەکانی تاك لەگەڵ وشەکانی و بریارەکانی و شێوازەکانی، ئەمەش پێویست دەکات تاك بەرژەندی خۆی بەلاوە بێنت و بابەتیان بێت و کراوە بێت لە ڕەفتارەکانی و ئاراستەکردنی بەشیوەیەکی دروست (دەستەی دەروونی بەریتانی، 2021، ص6).

**3-5-1: مامۆستای باخچەی منداڵان: معلمة رياض الاطفال**

**(الذهبی، 2018)**

کۆمەڵێک پرەنسیپ و ڕێکاری ڕێکخراوەیە کە بەپێی رێکخستنێکی دیاریکراو و هاوئاهەنگی داتاکان و فاکتەرەکانی پەروەردەوە فێربوون لە هاوکێشەکاندا داڕێژراوە کە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی خوێندنی پۆل دەکات و لەگەڵ پێدانی وزەی و ماددی و معنەوی بەرەو بەدیهێنانی ئامانج وە بە ئامانجی دیاریکراو کاردەکات (الذهبی، 2018،ص 259).

**2: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر: الاطار النظري و الدراسات السابقة**

**1-2: یەکەم: چوارچێوەی تیۆری - الاطار النظري:**

چەمکی پاکسازی ئاکاری بەپێی فەرهەنگی ستانفورد دەریدەخات یەکێکە لەو چەمکە فراوانەی کە بەکاردێت لە بواری زانستیدا و زۆربەی کات لەگەڵ چەمکی ئاکاردا دێت ، ئەمەش وا دەکات بتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان کاری نائاکاری و کاری ئاکاری، دەکرێت کەسێکی پاکساز کارێك بکات لە هەمان کاتدا کارەکەی نائاکاری بێت و خۆشی نەزانێت، بۆیە دەکرێت کەسێك خاوەنی پاکسازی بێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیروانینی نائاکاری هەبێت .( Stanford Encyclopedia of Philosphy2001).

رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ئوسترالیا پێیان وایە دەستەواژەی پاکسازی ئاکاری ( Integrity) وەرگیراوە لە وشەی (integrates) کە بەمانای ڕاستگۆیی، سەلامەتی و بەردەوامی، متمانەیی دێت و بنەمای سەرەکی ئەم چەمکەیە ا(integer) چەمکی ئەمانەت پارێزی زۆربەی کات وەکو هاوشێوەی پاکسازی بەکاردێت بەڵام ئەمانەت پارێزی لەخۆیدا بریتیە لە خەسڵەتێکی باڵا کە لە

ژیانی رۆژانە خەڵکی بەکاری دەهێنن، بەڵام هەرچی چەمکی پاکسازییە زۆر فراوانترە سەرەرای لەخۆگرتنی ئەمانەت پارێزی چەندین خەسڵەتی تر لەخۆی دەگرێت لەوانەش پابەندبوون و لێهاتووی و رێزگرتن، لێرەدا پاکسازی ئاکاری ئەوکات تاقی دەکرێتەوە بە ڕاستی کاتێك شتەکان پێچەوانەوەی بەرژەوەندییە کەسییەکان دەبێتەوە (Transparency International. Australia,2001,1)

لەکاتێکدا الدويك (2013) ئاماژەی بەوە کردووە پاکسازی بریتیە لەدوورکەوتنەوە تاك لە خراپکاری، پاکسازی ئاکاری بەدی دێت لەرێگەی کۆمەلێك چەمك و بەهای ئاکاری و مرۆیی لە پێناوی پاراستنی کەلوپەلی گشتی و سەرچاوەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و پاراستنی بەهای راستگۆیی و زیان نەگەیاندن بە ئەمانەت پارێزی (الدويك،2013،ص9).

**2-1-1 : ئامانجەکانی پاکسازی ئاکاری: اهداف النزاهة الاخلاقية**

ململانێ ماددی و سوودخوورییەك(نفعی) لە رۆژگاری ئێستامان ڕووی لە زیادبوون کردووە ئەویش بەهۆی دوورکەوتنەوە لە بەها ئاکاری و مرۆیی و رووحییەکان، بەمەش خۆی زاڵ کردووە بەسەر تەواوی بوارە جیاوازەکانی ژیان ئەمەش وای کرد وڵاتان و رێکخراوەکانی هەوڵ بدەن بۆ جوڵەکردن لە پێناوی بڵاوکردنەوە و چاندنی پاکسازی ئاکاری لەناو کۆمەلگادا و گەشەپێدانی لای تاکەکان لە رێگەی دامەزراوە فێرکاریەکان و بونیادنانی ئامراز و هۆکاری تایبەت و ئەنجامدانی کۆڕ و کووبوونەوە و لێکۆلینەوە تاوەکو ئەو ئامانجانە بێتەدی ئەمەش وایکرد زۆرێك لە یاسایەکان و رێکخراوەکان بۆ ئەم مەبەستە دەربکەون (طبرة،2010،ص35).

(هلال) کۆمەلێك ئامانج دیاری دەکات کە بەشداری دەکات لە هەلسانەوەی چەمکی پاکسازی ئاکاری لەوانەش:

1. لێکۆلینەوەی هاوبەش لە نێوان دامەزراوەکانی ناو کۆمەلگا بۆ بونیادنانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی پاکساز.
2. پالپشتی کردنی ئاسۆکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و چارەسەری کێشەکان و بەفیرۆنەدانی سەرچاوە گشتییەکان.
3. کارکردن بۆ هاوسەنگی نێوان دەرهاویشتەکانی فێرکردن و بازاری کارکردن و خواستەکانی.
4. دژایەتیکردنی گەندەڵی بەهەموو شێوەکان و ئاستەکانیەوە لە هەموو بوارەکاندا (هلال،2021،ص27).

**2-1-2: أولسون (Olson,1998: 43) تیۆری ئولسون لەبارەی پاکسازی ئاکاری (Olson,1998): النظرية ألسون للنزاهة الاخلاقية**

پێی وایە پاکسازی ئاکاری برتییە لە توانای تاك لە سەر جیاکردنەوەی نێوان ڕاستی و هەلە وکارکردنی جێگیر بەپێی ئەم جیاکردنەوەیە و بەژداری کردنی کەسانی تر بە تیروانینی ئاکاریانە لەلایەنی مەعریفی و سۆزداری وڕەفتاریەوە، کارتر زیاتر پەرەی بەم پێناسەیە داوە دەلێت: پاکسازی ئاکاری پێناسەیەکی فەلسەفی هەیە کە دواتر پێناسەیەکی دەروونی بۆ کردووە ئەویش لەڕیگەی ڕەهەندە دەروونیەکانی وەکو (مەعریفی وهەستی و ڕە فتاری) ئاماژەی بە نۆ پێکهاتەی پاکسازی ئاکاری کردووە ئەوانیش: (Olson,1998,p22)

**لایەنی هەستی (شعوری)** لای تاك ئەویش هەستکردنی تاکە بە ڕاستی و هەڵە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئاکاری سەبارەت تێروانینە ئاکاریەکان.

**لایەنی ڕەفتاری ( سلوکی)** بۆ جیاکردنەوەی ئاکاری ئەویش بیرکردنەوەی ئاکاری لەخۆی دەگرێت دەبارەی رەفتاری بەپێی تیروانینە ئاکارییەکان و پاکسازی ئەمەش وا دەکات ئامانجی ئاکاری ڕەفتاری دیاری بکات.

**لایەنی مەعریفی(معرفی)** بۆ جیاکردنەوەی ئاکاری مەبەست لێی مەعریفە پالنەری ڕەفتاری پاکسازی ئاکاریە دەبێتە بکەوێتە پێشەوەی بەرژوەندیە کەسییەکان.

**لایەنی هەستی بۆ ڕەفتاری جێگیر** ئەم رەفتارە پەیوەندی هەیە بە ئازایەتی کەسیە بۆ دەرخستنی ڕەفتاری پاکسازی بەبێ شەرمکردن و پەشیمان و ترس.

**لایەنی ڕەفتاری بۆ ڕەفتاری جێگیر** ئەویش ئەو رەفتارەیە بریتیە لە زالبوون بەسەر کێشەکان دەبێتە بەربەست لە نێوان تاکەکان و پاکسازییەکەی.

**لایەنی** ئەولەویاتیەکان بۆ گەیشتن بە پاکسازی ئاکاری.

دانانی سنور بۆ باڵادەستی کەسەکان بەرامبەر بە پاکسازی ئاکاری.

بەشداری پێکردنی کەسانی تر لە تێروانینە پاکسازیە ئاکارییەکان.

پاساودان بە ڕەفتاری پاکسازی ئاکاری (Olson,1998,43).

**3-1-2: ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی پاکسازی ئاکاری دەکەن: النظريات المفسرة للنزاهة الاخلاقية**

**4-1-2: :ئەریکسون ( Erikson,1968):** پاکسازی integrity هەروەکو ئەریکسون ڕاڤەی دەکات پەیوەندی نیە بە ئەمانەتپارێزیەوە honesty یان متمانەیی trustworthiness ئەم وشەیە زیاتر لەگەڵ کاری ڕۆژانە بەکاردێت کە بریتیە لە توانای تاك لە رابردوو لەگەڵ دۆخی ئێستای و هەست کردن رازیبوون بەرامبەربە ئەنجامەکانی ( Newman & Newman,1995:p660) ئەریکسۆن دووپاتی دەکاتەوە کە پاکسازی ئاکاری لای تاك دەکەوێتە ناو هێزی (الانا - من) لەگەل توانای جێبەجێکردنی و کارکردن و پابەندبوون پێی بەجۆرێك (الانا - من) کاردەکات بۆ رێکخستن و یەکخستنی ئەزموونەکانی تاك و ڕەفتاری بەشێوەیەکی رێکوپێك، هەروەها دەروونیش رێکدەخات تاوەکو تاك بپارێزیت و لە پالەپەستۆیەکانی (الهو - ئەو) رزگاری بێت و (الانا الاعلى – منى باڵا)، دواتر ئەریکسۆن وای دەبینیت کە پاکسازی ئاکاری لای تاکی تەندروست ئەوە کە بتوانێت بەرپرسیارێتی ژیان هەڵبگرێت (Erikson,1968 p.139).

**5-1-2: تیۆری ریست ( Theory of Rest 1986):** ئەو تاکانەی خاوەنی کەسایەتی ئاکارین بەلایانەوە ئاسانە بگەن بە چەمکە ئاکارییەکان زیاتر لەو تاکانەی کە خاوەنی تیروانینی ئاکاریین بەمەش لە رۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێکهاتنی کەسایەتی ڕەوشت(ئاکاریيان).

رست لە پێشەنگەکانە کە گرنگی داوە بە لێکۆلینەوە لە هۆشیاری ئاکاری لە بواری دەروونی کاتێك هەڵسا لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێیەکانی وەکو: (بيو Be beau و نرفس Narvaez كولبرج Kohlberg )لە بواری گەشەی ئاکاری و هەندێك لە بیرۆکەکانی راست کردۆتەوە و هەندێ خالیشی بۆ زیادکردووە و ناویان لێناوە تێروانینی کولبرجی نوێ (New Kohlberg an Approach)، ئەم تیۆرە پێناسەیەکی لەخۆی گرتووە کە پێی وایە ئاکار وەستاوە لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و یەکانگیری هەرسێ لایەنی ئاکار(مەعریفی، هەستی،

ڕەفتاری) لە یەك چوارچێوەدا کە کارلێکی نێوان هەردوو لایەنی مەعریفی و هەڵچوونی روون دەکاتەوە لە رێگەی کۆمەلێك پرۆسەی بەرپرسیارێتی لە بەرهەمهێنانی ڕەفتاری ئاکاری کە خۆی لە پاکسازی ئاکاری دەبینیتەوە کە تاك هەلیگرتووە ئەمە ئەو شتەیە کە رست ناوی لێناوە تیۆری چوار پێکهاتەکە Four Component Model (الفرا،2000،ص،72 ـ 73).

**2-2 : توێژینەوەی پێشووتر: الدراسات السابقة**

زۆرێك لە توێژینەوەکانی پێشووتر ئاماژەیان بە بابەتی پاکسازی ئاکاریان کردووە لە زۆر گۆشەی جیاوازەوە لەو لێکۆلینەوانەش کە چوونەتەسەر باسی پاکسازی ئاکاری لە نێوانیان توێژینەوەی عەرەبی و بیانی هەیە کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەروو کە سووودی لێوەرگیراوە و ئاماژە بە گرنگترین ئەو لایەنانەی دراوە کە تیشك دەخاتە سەر بابەتی لێکۆلینەوەکە، لێکۆلینەوەکان لایەنەکانی کۆك بوون ناکۆك بوون لەخۆی دەگرێت، لەگەڵ روونکردنەوەی بوونی کەلێنی زانستی کە ئەم لێکۆلینەوە هەول دەدات چارەسەری بکات، توێژەر دەیەوێ لەم لێکۆلینەوە ئاماژە بدات ئەو لێکۆلینەوانەی کە دەیخاتەروو لە ماوەی نیوان (2015 بۆ 2022) کە کۆمەلێك شار و وڵات لەخۆی دەگرێت، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بوونی هەمەرەنگی لە شوێن و کات و جوگرافیادا.

**1-2-2: توێژینەوەی عەرەبییەکان: الدراسات العربية**

**1-1-2-2: توێژینەوەی العزى و الدليمى (2016): "پاکسازی ئاکاری و پەیوەندی بە هاوسەنگی هەڵچوون لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی"** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە ناسینی پەیوەندی نێوان پاکسازی ئاکاری و هاوسەنگی هەڵچوون لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی، نموونەی لێکۆلینەوەکەی پێکهاتبوو لە (300) مامۆستا لەهەردوو رەگەز لە قوتابخانەی ناوەراستی بەعقوبە، توێژەر هەڵساوە بە پشتبەستن بە پیوەری پاکسازی ئاکاری (طبرة، 2010) هەروەها هەڵساوە بە دانانی پێوەری هاوسەنگی هەڵچوون و دەرهێنانی تایبەتمەتەکانی پێوەرەکە و دواتر چارەسەرکردنی ئاماری لەرێگەی بەکارهێنانی هاوکۆڵەکەی پیکەوەیی پێرسۆن و تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەك نموونە و دوو نموونەی سەربەخۆ، پاشان پراکتیزەکردنی لەسەر پێوەری پاکسازی ئاکاری و پێوەری هاوسەنگی هەڵچوون، دەرەنجامی لێکۆلینەوەکە دەریانخستووە کە ئاستی پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی مامناوەند بووە، هەروەها جیاوازی ێ بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی پاکسازی ئاکاری بەپێی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ئافرەتان، هەروەها پەیوەندیەکی پەیوەندی هەیە لە نێوان پاکسازی ئاکاری و هاوسەنگی هەڵچوون لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی (العزى والدليمى، 2016).

**2-1-2-2: توێژینەوەی هبة (2021): پاکسازی ئاکاری و پەیوەندنی بە لایەنگیری مەعریفی لای قوتابیانی زانکۆی موصل.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناسینی پەیوەندی نێوان پاکسازی ئاکاری و لایەنگیری مەعریفی لای قوتابیانی زانکۆی موصل، بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نیر و مێ) و پسپۆری (زانستی و مرۆیی)، توێژەر پێنج ئامانجی دیاری کردووە لەوانەش دوانین سەرەکین بۆ ناسینی ئاستی گۆڕاوی پاکسازی ئاکاری و لایەنگیری مەعریفی و بەلگەدان بە جیاوازی نێوانیان، بەپێی گۆڕاوی رەگەز و پسپۆری، جگە لەوەش دەرهێنانی پەیوەندی نێوانیان، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (908) قۆناغی لە هەردوو رەگەز لە قوتابیانی پۆلی سێ لە بەشەکانی کۆلێژەکانی زانکۆی موصل لە بەشەکانی زانستی و مرۆیی، دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکان چارەسەری ئاماریان بۆ کراوە بەپێی تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەك نموونە و دوو نموونە و بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی ئەلفا کرونباخ، ئەنجامی توێژینەوەیە دەریانخستووە کە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی ئاماری بەدەستهاتوو، بوونی جیاوازی بەلگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی پاکسازی ئاکاری لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەیە لێکۆلینەوەکە بەپێی ڕەگەز (نیر و مێ) لە بەرژوەندی ڕەگەز نێر. (هبة، 2021).

**2-2-2: توێژینەوەیە بیانییەکان**: **الدراسات الاجنبية**

**1-2-2-2: توێژینەوەیە کارتر(Carter،2008): بیروباوەری ئەندامانی دەستەی وانەبێژی و ئاستی تێگەیشتنیان بۆ پاکسازی ئەکادیمی.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە ناسینی بیرورای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی بۆ ئاستەمانی تێگەیشتنیان بۆ پاکسازی ئەکادیمی و ڕەفتاریان بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی (مامۆستا، مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستای هاوبەش) لێکۆلینەوەکە نمونەیەکی لەخۆی گرتوە پێکهاتووە لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە سێ زانکۆ لە رۆژهەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان،هەمان کاری ئەم توێژینەوەیە توێژەران هەڵساون بە دانانی پیوەری پاکسازی ئاکادیمی و دەرهێنانی تایبەتمەندیەکانی پێوانەیی پێوەریی، دوای دەرهێنانی و چارەسەرکردنی ئاماری زانیاریەکان لە ریگەی بەکارهێنانی پاکێجی ئاماری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەییەکان (SPSS)، وەکو شێوازێکی ئاماری بۆ شیکردنەوەی زانیاریەکانی لێکۆلینەوەکە، دەرەنجامی لێکۆلینەوەکە دەریخستووە کە جیاوازیەکی کەم هەیە لە تێروانینی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لەبارەی پاکسازی ئەکادیمی، نموونەی توێژینەوەیە گرنگی پاکسازی ئەکادیمی لە زانکۆ و ترسناکی لە قۆپیەکردك ٠( گزی) ولادان لای قوتابیان لە پێویستی بوونی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان بە هەمو شێوازێکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پاکسازی ئەکادیمی لایان. (Carter,2008).

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووتر و پاشان تاوتوێکردنیان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووی لێکچوون و جیاوازی نێوانیان لەگەڵ لێکۆلینەوەکەی ئێستامان بە مەبەستی گەیاندنی سوود .

**3-2-2: شیکردنەوە بەراوورد کردنی توێژینەوەکانی پێشوو بەم شیوەیە: مناقشات الدرسات السابقة**

**ئامانجەکان:** ئامانجی توێژینەوەیەکانی پێشووتر زۆر جیاوازە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەیە کەی ئێستامان لە رووی پەیوەندی پاکسازی ئاکاری بەپێی گۆڕاوەکان وەکو توێژینەوەیەکەی (العزي والدليمي، 2016) و لێکۆلینەوەکەی (هبة، 2021) و توێژینەوەیەکەی (کارتر، 2008) هەروەها توێژینەوەیەکەی ئێستا جیاوازی لەگەڵ توێژینەوەیەکەی پێشووتر لە دیاریکردنی ئامانجەکانی ئەویش بونیاددنانی پێوەری پاکسازی ئاکاریە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**میتۆدی توێژینەوەیە:** توێژینەوەیەکانی پێشووتر پشتیان بەستوە لە میتۆی وەسفی شیکاری لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان، لێکۆلینەوەکەی ئێستا هاوشێوەیەك لەگەڵ لێکۆلینەوەکان پیشووتر لە رووی پشتبەستنی بە میتۆدی وەسفی بەپێیەی هەوڵ دەدات بۆ پێوانەکردنی پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاشان زانینی ئاماژەی جیاوازییەکان لە ئاستی پاکسازی ئاکاری بەپێی گۆڕاوەکانی لێکۆلینەوەکە (ئاستی زانستی، پسپۆری، ساڵانی ئەزموون یان خزمەت).

**ئامرازەکانی لیکۆڵینەوە:** توێژینەوەیە ئێستا جیاوازە لە لێکۆلینەوەکانی پێشووتر لە بونیادنانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە، لە توێژینەوەیە پێشووتر پشت بەستراوە بە پێوەری ئامادەکراو و جێبەجێکردنی لەسەر ئەندامانی نموونەی لێکۆلینەوەکە.

نموونەی لێکۆلینەوەکە: نموونەی توێژینەوە ئێستا کە پێکهاتووە لە (409) مامۆستا لە باخچەی منداڵان ئەویش زۆرترین رێژەیە سەبارەت بە توێژینەوەکانیی پێشووتر.

**هۆکارە ئامارییەکان:** لێکۆلنیەوەکانی پێشووتر پشتیان بەستووە بە ڕێژەی سەدی وەکو هۆکارێکی ئاماری یان هەندێك هۆکاری تری ئاماری وەك هاوکۆلکەی پێرسۆن و تاقیکردنەوەی (t) بە یەك نموونە یان دوو نمونەی سەربەخۆ یان هاوکۆلکەی کرونباخ و کیودر – ریتشارد پێرسۆن 20 کە ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەیەئێستادا دەنگوێت لەڕووی هەڵبژاردنی گونجاوترین هۆکارەکان بۆ ئامانجەکانی.

**ئەنجامەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکانی پیشوتر لە رووی ئەنجامەوە دەریانخستووە کە لە بەشی چوارمی ئەم لێکۆلینەوەدا بەراووردی پێ دەکرێت لەگەڵ یەکتری، لە ئاماژە گشتیەکانی توێژینەوەیەکانی پێشووتر ئەوەیە کە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی مامۆستایان باخچەی منداڵان، ئاستێکی بەرزی پاکسازی ئاکاریان هەیە.

**ڕێکارەکانی توێژینەوە : اجراءات البحث**

ئەم بەشە ڕێکارەکانی توێژینەوەلەخۆدەگرێت کە توێژەران جێبەجێ کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بریتین لە: دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکردنی نمونەی ڕێکارەکانی بونیادتانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لەگەڵ باسکردنی ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لە چارەسەرکردنی زانیاریەکانی توێژینەوەکە.

**3-1: میتۆدی توێژینەوە: منهج البحث**

تویژەران پشتیان بەستووە بەمیتۆدی وەسفی لەبەر گونجانی لەگەل سروشتی توێژینەوەکەیان

**3-2: کۆمەلگەی توێژینەوە: مجتمع البحث**

وەکو زانراوە هەموو توێژینەوەیەک کۆمەلگەی توێژینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە بەپێی جیاوازی ئامانجەکان کۆمەلگەکەش دەگۆڕێت، هەرچی کۆمەلگەی توێژینەوەی ئێستایە بریتیە لە پاکسازی ئاکاری مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەلەبجە) کە ژمارەیان (2728) مامۆستایە لە هەموو پسپۆریەکان و وانەکان لە نێوانیان (2728) مامۆستا وەرگیراون، وەکو لە خشتەی ژمارە (1) روونکراوەتەوە.

**خشتەی(1) دابەشبوونی کۆمەڵگای توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگاکان هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە)**

| ت | پارێزگا | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 728 | %26.68 |
| 2 | دهۆک | 769 | %28,19 |
| 3 | سلێمانی | 1019 | %37.35 |
| 4 | هەڵەبجە | 212 | %7.77 |
| | کۆی گشتی | 2728 | %99.99 |

**3-3: نموونەی بونیاد نانی توێژینەوە عینة البحث**

نموونەی توێژینەوە، کە بریتیە لەگەیشتن بە بونیادنانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆك. هەلەبجە) وەکو ڕێکارەکانی بونیادنانی پێوەری پاکسازی ئاکاری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، بەجۆرێك توێژەران نمونەیەکیان لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی توێژینەوە هەلبژێردراوە بەرێژەی 15(%) کە نمونەکە پێکهاتبوو لە (409) مامۆستا کە هەڵبژاردنەکەش بەشێوازی هەرەمەکی چین چینی بووە ( Sampling Stratified Random)،. ئەم شێوازەش بەکاردێت کاتێك کۆمەلگەی توێژینەوە هاورێکن لەیەکتر نزیک بن بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە کەو، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (2) روونکراوەتەوە.

**خشتە(2) دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگاکان هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە)**

| ت | پارێزگا | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 109 | **%26.65** |
| 2 | دهۆک | 115 | **%28.12** |
| 3 | سلێمانی | 153 | **%37.41** |
| 4 | هەڵەبجە | 32 | **%7.82** |
| | تێکرای گشتی | 409 | **%100** |

**4-3: ئامراز توێژینەوە(پاکسازی ئاكاری):أداة البحث**

**1-4-3: بنەما تیۆری و میتۆدیەکانی بونیادنانی پێوەر: المنطلقات النظرية النزاهة الاخلاقية**

لەچوارچێوەی لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتری ئەم **توێژینەوە** ی ئێستا ئەو بنەما تیۆرییانە دیاریکراوە کە توێژەران پشتیان پێبەستووە بۆ داڕشتنی  پێوەری پاکسازی ئاكاری، لەبەر ئەوەی ڕوانینیکی ڕوونتر دەبەخشێت کە لەو ڕێگایەوە توێژەران توانیویانە ڕێکارەکانی دارشتنی پێوەرەکەی دابنێت کە توێژەران  ئەو بنەمایانەی دیاریکردووە ئەوانیش:

پرۆسەی پێداچوونەوەی ئاکار و ڕەفتاری تاك دەرفەتێکە لەبەردەم مرۆڤ تا ڕەفتارەکانی خۆی پێداچوونەوەی بۆ بکات کاتێك خۆی دەخاتە چوارچێوەی بوونەوەرێکی خاوەن بەهرە وە توانای درك پێکردن و چاودێریکردنی خۆی هەیە.

پاکسازی ئاکاری  هۆشیاری تاکە بەرامبەر خودی خۆی لەو شتانەی پەیوەندی هەیە بە ئەزموون و بە سەرچاوەیەکی گرنگی درك پێکردن و کارکردنی دادەنرێت.

توێژەران  پشتیان بە میتۆدی لۆژیکی یان عەقلی Rational بەستووە لە دارشتنی پێوەرەکەی لەگەڵ پشتبەستنی بە میتۆدی ئەزموونی Experience کە پشتدەبەستێت بە ئەزموونی کەسەکە یان کەسانی تر لە دارشتنی پێوەرەکە.

توێژەران پشتیان بەستووە بە (تیۆری ئولسون) دەبارەی پاکسازی ئاکاری لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا، بەجۆرێك پێکهاتوە لەچەند پێک هاتەیەکی سەرەکی بەوەی تاك دەتوانی ئاکارو ڕەوشتی خۆی کۆنترۆل بکات.

سەرچاوەی پاکسازی ئاکاری بۆ تێگەیشتن لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری تاك جیاوازیەکەش بریتیە لەدیاردە جۆراوجۆرەکان لەرێگەی هەلسەنگاندنی تاکەوە.

**5-3: ڕێکارییەکانی بونیادنانی پێوەری پاکسازی ئاكاری:**

**1-5-3: دیارکردنی چەمکی پاکسازی ئاکاری تحديد مفهوم المقياس النزاهة الاخلاقية:** لەژێر رۆشنایی چوارچیوەی تیۆری باگگراوندی تێۆری چەمکی پاکسازی ئاکاری ،پێناسەکانی دوایی سەرنجدان و ووردبوونەوە  توێژەران  لە چەندین ئەدەبیات وسەرچاوەکانی پێشوو دەربارەی چەمکی پاکسازی ئاکاری توانی چەمکی پاکسازی ئاكاری دەست نیشان بکات لەگەڵ دیاری کردنی پێناسەی تیۆری بۆ چەمکەکە وەک ئەوەی لەبەشی یەکەم باس کراوە.

**2-5-3:دیاریکردنی پێکهاتەکانی پاکسازی ئاکاری بەشێوە سەرەتایی-  تحديد مجالات النزاهة الاخلاقية بصيغة الاولية:**

دوای دەست نیشان کردنی چەمکی پاکسازی ئاکاری ،  ئینجا توێژەران پێک هاتەکانی ئەم چەمکەیان دەستنیشان کرد بە پشت بەستن بە باگراوندی تێۆری چەمکی پاکسازی ئاکاری پێناسەکانی ، هەروەها دوای سەرنج دانی توێژەران بۆ چەندین ئەدەبیات و سەرچاوەو پێوەرو توێژینەوەی پێشووتری (عەرەبی و بیانی) سەبارەت بە پاکسازی ئاکاری لەوانە توێژینەوەی (هبه، ٢٠٢١) ، (الغامدي،٢٠١٧) (العز و الدليمي،٢٠١٦) (Olson,1998)،  (Carter,2008) لەمیانەی توێژینەوە ئەزموونی سەرەتایی ( الاستلاعی ) پرسیار ئاراستەی ژمارەیەک مامۆستا کرد، کە لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەی وەرگرتبوو بە شێوەیەکی هەرەمەکی، کە ژمارەیان (60) مامۆستابوو، لەسەر ئەم بنەمایەش گەیشتە (٥) بوار پاکسازی ئاکاری بە بە کارهيناني هاوكيشه ى فيشه ر(Ullman,1978p.76) بەشێوەکی سەرەتایی، خشتەی (3) ڕوونی دەکاتەوە:

**خشتەی (3) بوارەکانی پاکسازی ئاکاری  نیشاندەدات  بەشێوەیەکی سەرەتایی**

| زنجیرە | بوارەکان |
|---|---|
| 1 | جیاکاری ئاکاری Moral Discernment |
| 2 | ڕەفتاری جێگیر Consistent Behavior |
| 3 | پاساودانی گشتیPublic Justification |
| 4 | سۆزداری و ڕێزگرتن Empathy Respect |
| 5 | سازانی کۆمەڵایەتی Social Compatibility |

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ووردی و شیاوی ئەو پێکهاتانە و ئاستی گونجانیان و نواندنیان بۆ پێوەری پاکسازی ئاكاری  ، وە بۆ خەملاندنی  گرنگی ڕێژەیی هەر بوارێک لەو بوارانە لە پێوەری پاکسازی ئاکاری  ، توێژەران ئەو بوارانەی خستە بەردەستی(21) شارەزا و پسپۆر لەبواری پەروەردە و دەروونزانی و تەندروست دەروونی ، وە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن ، بۆ دیارکردنی ئەوەی کەتا چ ڕادەیەک

بوارەکان شیاو گونجاون و خۆیان لەچەمکەکە دەنوێنن، لەگەڵ دەنیشان کردنی گرنگی ڕێژەیی (گرنگی سەنگی) بەپێی پێوەرێکی پلە پلەیی کە لە (15) نمرە پێکهاتبوو، نمرەی(15) بەرزترین گرنگی پێوەری پاکسازی ئاکاری نمرە(1) کەمترین بایەخی پێوەرەکەیە، لەگەل خستنەسەری هەر پێک هاتەیەکی دیکە کە بە گونجاوی بزانن، یان سرینەوەو لادانی برگەی دیکە کە پێیان باش و گونجاو نەبێت، بە پشت بەڕاو بۆچوونی شارەزایان، تێکرای ئەو بوارانە ڕەزامەندی (80٪) و زیاتریان بەدەستهێنا لە ڕابۆچوونی شارەزایان کە وەکو پێوەرێک بۆ گونجاوی بوارەکان پشتی پێ بەسترا، بۆ ئەمەش (الخیاط،2010) ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک ڕێژەی سەدی(75%) و زیاتر دەبێت ، دەکرێت پێوەرەکە بەوە دابنرێت کە مەرجی ڕاستی و ڕووالەتی تێدا هاتۆتەدی(الخیاط،2010،ص173) وە لەسەر ڕەزامەندی شارەزایان و پسپۆران،توێژەران گرنگی سەنگی بۆ بوارەکانی پێوەری پاکسازی ئاکاری دەرهێنا،لەرێگایی دیاریکردنی ڕێژەی سەدی بۆ گرنگی سەنگی سەنگیەکە وە نزیککردنەوەی نمرەی ڕێژەی سەدی گرنگی سەنگی بۆ زانیاری زیاتر خشتەی (4) ئەوە روون دەکاتUllman,1978,P.76)دیاریکردنی برگەکانی هەر بوارێک بوارەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی فیشەر

**خشتەی(4) رای شارەزایان لەسەر دەرخستنی گونجاوی بوارەکانی پاکسازی ئاکاری دیاریکردنی گرنگی سەنگی**

| بوارەکان | شارەزایان | گرنگی سەنگی | گونجاو | گونجاونیە | ژمارەی برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| جیاکاری ئاکاری Moral Discernment | 20 | 11.71 | 61.9% | 38.1% | 12 |
| ڕەفتاری جێگیر Consistent Behavior | 20 | 10.66 | 90.5% | 9.5% | 11 |
| پاساودانی گشتی Public Justification | 20 | 12.61905 | 100.0% | 0% | 13 |
| سۆزداری و ڕێزگرتن Empathy Respect | 20 | 11.66667 | 100.0% | 0.0% | 12 |
| سازانی کۆمەڵایەتی Social Compatibility | 20 | 11.71429 | 90.5% | 9.5% | 12 |
| تێکرای گشتی | | | | | 60 |

**3-5-3: ئامادەکردنی برگەکانی پاکسازی ئاکاری - إعداد فقرات المقياس النزاهة الاخلاقية :** توێژەران پشتیان بە ستووەبە کۆکردنەوەی ئامادەکردنی برگەکانی بوارەکان پاکسازی ئاکاری بەستووە بۆئەم مەبەستەش توێژەران لەدوایی دەستنیشان کردنی پاکسازی ئاکاری توێژەران (39) برگەی لە پێناسەکان دروست کرد کەلەگەڵ سروستی بوارەکەی گونجاوە، توێژەران توێژینەوەیەکی بەهۆی ئەزموونی سەرەتایی (الاستطلاعی) لە سەر(60) مامۆستا ئەنجامدا کەلە(30) برگە پێکهاتبوو، توێژەران تێکرای برگەکان(79) برگەی دروست کرد و دابەش کراوە بەسەر بوارەکانی پێوەری پاکسازی ئاکاری، وە سوود وەرگرتن لە ئەدەبیات و سەرجاوەکان توێژەران (10) برگەی دیکە خستە سەر بواراکانی پێوەری پاکسازی ئاکاری دوای گونجاندنیان لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەیان، ئەمەش بۆپاراستنی ئەگەری دوورخستنەوەی هەندێک لە برگەکان یانیش کەوتنیان لەکاتی خستنەبەردەستی شارەزایان، بەمەش پێوەرەکە لە(80) برگە پێکهات دابەشکرا بەسەر (5) بوار بەشێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە دارژراوە، هەر دەستەواژەیەکیش (5) جێگرەوەی تێدایە (بەردەوام، زۆرجار، هەندێک جار، کەم جار، هیچ جار) لەکاتی هەلەچنین(5، 4، 3، 2، 1) هەژمارکراوە.

**4-5-3: شیکردنەوەی لۆژیکی برگەکان: التحليل المنطقي للمقياس:**

بۆدڵنیابوون لە برگەکانی پێوەرەکە بەشێوەی سەرەتایی توێژەران پێوەرەکەی خستەبەردەستی (23) شارەزا و پسپۆر لەبواری پەروەردە و دەروونزانی و تەندروست دەروونی ، وە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن ، بۆ دیارکردنی ئەوەی کەتا چ ڕادەیەک بوارەکان شیاو گونجاون و خۆیان لەچەمکەکە دەنوێنن دوای پشبەستنی توێژەران بەڕاوبۆچوونی شارەزایان (18) شارەزا و پسپۆر هاوڕبوون لەسەر پێوەرەکە کەبە ڕێژەی (80%) و زیاتر لەسەر(69) برگە وە هاوڕبوون لەسەر لابردنی (11)برگە ، و گۆڕینی (10) برگە سەرجەم برگە ماوەکانی بوارەکانی پێوەری پاکسازی ئاکاری بووە (69) برگە بەشێوەی کۆتایی.

**5-5-3 : وەسفکردنی پێوەر - وصف المقياس وتصحيحه:** دوای ڕاستی ڕووالەتی توێژەران پێوەرەکەیان بەشێوەی کۆتایی دەستنیشان کردووە کە لە (5) بوار پاکسازی ئاکاری پێک هاتووە کامانەن (جیاکاری ئاکاری13،برگە) (ڕەفتاری جێگیر، 14،برگە )(

پاساودانی گشتی ،13بڕگە )( سۆزداری و ڕێزگرتن، 15، بڕگە)( سازانی کۆمەڵایەتی،14 بڕگە) کە لە(69) بڕگە پێک هاتووەلەگەڵ (5) جێگرەوەی تێدایە (بەردەوام، زۆرجار، هەندێک جار، کەمر جار، هیچ جار) لەکاتی هەلەچنین(5، 4، 3، 2، 1) هەژمارکراوە. کەتێدا نمرەی بڕگەکان بەمشێوەیە بەرزترین نمرەی بڕگەکان(345) ،نزمترین نمرە(69) ،نمرى ناوەڕاست گریمانی(207) بڕگەیە.

**6-5-3: ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی پێوەری پەرەی وەلامر دانەوە: إعداد التعلمات المقياس وورقة الاجابة:** توێژەران ڕێنمایی چۆنیەتی وەلامر دانەوەی بڕگاکانی پێوەرەکەی ، ئامادەکردووە دوای وەلامر دانەوەی لەوەلآمر دانەوەی ڕاستگۆیی توێژەران ناونیشانی ئامانجی توێژینەوەکەیان شاردبووە بۆئەوەی دوور بکەونەوە لەبابەتی لایەنگیری لەسەر مامۆستایانی باخچەی مندالان ئەنجام دراوە کە تێدا داوای لە نموونەی تویژێنەوە کرد هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە وەڵامر بدەنەوە بۆ ئەمر مەبەستەش پێویستی نوسینی ناویان ناکات . بۆیە تویژەران ڕێنمایی زارەکی تاکەکانی نموونەکەی و داناوە ، لەگەڵ بوونی فۆرمێکی ڕاپرسی کراوە بۆ ئەوانەی ئارەزووی نووسین دەکەن، کرونباخ ئاماژە دەکات نەبێتەهۆی ڕوودانی ساختەکاری لە وەڵامەکاندا.(Cronbach.1970.p.10)

**7-5-3: تاقیکردنەوەی ڕوونی ڕێنماییەکان: التجربة الاستلاعية للمقياس:** توێژەران هەڵسان بە پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی ڕوونی ڕێنماییەکانی کەئەنجام دراوە لەسەر (40) مامۆستای باخچەی مندالان لەڕۆژی یەک شەمە و دووشەمەی (27-2022/3/28) بۆدڵنیابوونی توێژەران لە باشی و خراپیەکانی پێوەری توێژینەوەکەیان وە بۆ دەرخستنی ڕوونی و ناڕوونی بڕگەکان و جێگرەوەکان لەکاتی وەڵامر دانەوە بڕگەکان لەکاتی وەڵامر دانەوە بەشێوەی کۆتایی وە هەروەها لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی بڕگەکانی پێوەرەکە توێژەران هەڵسان بە پراکتیزەکردنی پێوەری پاکسازی ئاکاری لەسەرمامۆستایانی باخچەی منداڵان وبەڕێگایی هەرەمەکی بۆزانینی پێویستی کاتی تێچوون پێش ئەوەی دابەش بکات بەسەر نموونەی تویژینەوە بۆئەمر مەبەستەش پێوەرەکە (30-35) خولەکی پێویستە بۆ وەڵامر دانەوە.

**8-5-3: پراکتیزەکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی پراکتیزەکراوی کۆتایی: تطبيق المقياس على العينة بناء**

دوای هەلبژاردنی نموونەی توێژینەوە بەڕێگایی چین چینی هەرەمەکی توێژەران هەڵسان بەدابەشکردنی (300) ڕاپرسی تایبەت بە پێوەری پاکسازی ئاکاری لەسەر نموونەی شیکردنەوەی ئاماری کە ژمارەیان(274) مامۆستا بوولەمانگی (نیسان،2022) توێژەران بەمەبەست ژمارەی زیاتری ڕاپرسیەکانی دابەش کرد بوو بەهۆی ئەوەی نموونەکەی پێش وەختە بەشێوەیەکی ڕێژەی دیاری کردبووبەڕێگایی چین چینی هەرەمەکی لەبەر ئەوە ژمارەیان (300) ڕاپرسی بوو (26) ڕاپرسی دوور خستەوە بەهۆی کەموو کوری زانیاریەکان ، یان هەڵبژاردنی زیاتری جێگرەوە بۆ بڕگەیەک یان بەجێهێشتنی هەندێک لە بڕگاکانی بێ وەڵامر. وەک لەخشتەی(5) دا هاتووە

**6-3: خەسلەتە سایکۆمەترییەکانی بڕگەکانی پاکسازی ئاکاری: الخصائص السيكومترية لفقرات النزاهة الاخلاقية**

پرۆسەی شیکردنەوەی بڕگەکانی پێوەرەکەگرنگیەکی زۆری هەیە و یارمەتی توێژەران دەدات تاوەکو بتوانێ پێوەرێکی وورد دابرێژێت کار بکات لەسەر پێوانەکردنی سیما و سیفەتە مرۆییەکان بەشێوەیەکی وورد، وەکو پێشبینی دەکرێت شیکردنەوەی بڕگەکان کاربکات بۆ پەرەدان بە پێوەرەکە تا ئەو ئاستەی بتوانێت بەشداری بکات لە ئاماژەدان بەو شتانەی پێوانەی دەکات (النبهان، 2004، 188). دیاریکردنی خەسلەتە سایکۆمەتریەکان بەمر شێوەیە:

**1-6-3: هێزی جیاکاری بڕگەکان پێوەری پاکسازی ئاکاری: القوة التمييزية للفقرات : Item Discrimination:**

مەبەست بە هێزی جیاکاری بڕگەکان بریتیە لە جیاکردنەوەی بڕگەکە لە نێوان هەردوو ئاستی بەرز و ئاستی نزمی تاکەکان سەبارەت بەو شتەی بڕگەکە پێوانەی دەکات (Shaw,1967p.450) (ئەنستازی) ئاماژەی کردووە بەوەی کە پرۆسەی شیکردنەوەی ئاماری تاقیکردنەوەی هەنگاوە سەرەکییەکانە بەجۆرێك پشت بەستن بە بڕگەکان کە خاوەنی خەسلەتی سایکۆمەترین و توانای تاقیکردنەوە یان پێوانەکردنی ڕاستیان هەیە (عولا، 2015، ص108)، خشتەی (5) ڕوونی دەکاتەوە

**خشتەی (5) هێزی جیاکاری برگەکان پێوەری پاکسازی ئاکاری**

| ز | کۆمەڵە n=409 | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | ئاستی بەڵگەداری P-Value | دلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرز | 110 | 4.71 | 0.60 | 3.615 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.39 | 0.71 | | | |
| 2 | بەرز | 110 | 4.72 | 0.51 | 4.728 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.31 | 0.75 | | | |
| 3 | بەرز | 110 | 4.93 | 0.32 | 4.177 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.65 | 0.63 | | | |
| 4 | بەرز | 110 | 4.85 | 0.35 | 5.795 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.35 | 0.85 | | | |
| 5 | بەرز | 110 | 4.76 | 0.43 | 8.557 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.08 | 0.72 | | | |
| 6 | بەرز | 110 | 4.50 | 0.60 | 7.854 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.77 | 0.76 | | | |
| 7 | بەرز | 110 | 4.60 | 0.53 | 7.244 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.88 | 0.90 | | | |
| 8 | بەرز | 110 | 4.59 | 0.55 | 7.61 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.85 | 0.86 | | | |
| 9 | بەرز | 110 | 4.75 | 0.48 | 5.554 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.26 | 0.77 | | | |
| 10 | بەرز | 110 | 4.73 | 0.51 | 6.145 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.16 | 0.82 | | | |
| 11 | بەرز | 110 | 4.63 | 0.50 | 5.254 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 4.14 | 0.84 | | | |
| 12 | بەرز | 110 | 4.40 | 0.69 | 6.897 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.70 | 0.81 | | | |
| 13 | بەرز | 110 | 4.61 | 0.64 | 6.164 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.98 | 0.86 | | | |
| 14 | بەرز | 110 | 4.15 | 0.95 | 8.355 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 2.89 | 1.26 | | | |
| 15 | بەرز | 110 | 4.62 | 0.59 | 7.277 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.86 | 0.91 | | | |
| 16 | بەرز | 110 | 4.72 | 0.51 | 7.423 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.95 | 0.97 | | | |
| 17 | بەرز | 110 | 4.71 | 0.56 | 7.378 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.84 | 1.11 | | | |
| 18 | بەرز | 110 | 4.36 | 0.66 | 6.822 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.55 | 1.05 | | | |
| 19 | بەرز | 110 | 4.32 | 1.00 | 6.21 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.43 | 1.12 | | | |
| 20 | بەرز | 110 | 4.63 | 0.59 | 9.458 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.75 | 0.77 | | | |
| 21 | بەرز | 110 | 4.86 | 0.37 | 8.353 | <.001 | واتادارە |

| ز | کۆمەڵە n=409 | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | ئاستی بەڵگەداری P-Value | دلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | 110 | 4.13 | 0.85 | | | |
| 22 | بەرز | 110 | 4.33 | 0.69 | 8.268 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.35 | 1.04 | | | |
| 23 | بەرز | 110 | 4.53 | 0.63 | 9.819 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.29 | 1.16 | | | |
| 24 | بەرز | 110 | 3.64 | 1.28 | 4.671 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 2.82 | 1.32 | | | |
| 25 | بەرز | 110 | 4.20 | 0.89 | 7.09 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.32 | 0.96 | | | |
| 26 | بەرز | 110 | 4.59 | 0.86 | 5.072 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.90 | 1.14 | | | |
| 27 | بەرز | 110 | 3.97 | 1.14 | 7.382 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 2.82 | 1.18 | | | |
| 28 | بەرز | 110 | 4.34 | 0.86 | 8.626 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.16 | 1.14 | | | |
| 29 | بەرز | 110 | 4.65 | 0.70 | 9.404 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.55 | 1.01 | | | |
| 30 | بەرز | 110 | 4.56 | 0.55 | 7.514 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.78 | 0.94 | | | |
| 31 | بەرز | 110 | 4.55 | 0.79 | 9.059 | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 3.29 | 1.22 | | | |
| 32 | بەرز | 110 | 4.30 | 0.85 | **10.602** | <.001 | واتادارە |
| | نزم | 110 | 2.89 | 1.10 | | | |
